لیژنەی باڵای لێکۆڵینەوە ئەنجامی سەرەتایی لێکۆڵینەوەکان لە رووداوەکەی کوت ڕادەگەیەنێت

وەزارەتی ناوخۆی عێراق ئەنجامی بەرایی لێکۆڵینەوە لە ئاگرکەوتنەوەکەی کوت ڕادەگەیەنێت، کە 17 فەرمانبەر لە کارەکانیان بشۆڕی کاتی دورخراونەتەوە و سێ ئەفسەریش دەستبەسەرکراون.

وەزارەتی ناوخۆ لەگەیەندراوەکدا باویکردەوە، کێشکاری کارگێڕی و یاسایی بەرامبەر ژمارەیەک بەرپرس و فەرمانبەر دەگرنەبەر کە پەیوەندیان بەو ئاگرەوە هەیە کە لە مۆڵکی بازرگانی لە پارێزگای واست کەوتەوە.

میقداد میری سەرکی بەشی پەیوەندییە گشتیی و ڕاگەیاندنەکانی وەزارەتی ناوخۆ، لە ڕاگەیەندراوەکدا باویکردەوە، "لیژنەی باڵای لێکۆڵینەوە کە بە فەرمانی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان پێکهێنراوە و بە سەرکایەتی وەزارەتی ناوخۆ، پشکەوتنی بەدەستهێناوە لە کێکردنەوەی زانیاری و بەڵگەی مەیدانی و پشتڕاستکردنەوەی ئیفادەی شایەتحاڵان و بەرپرسان، بەڵام ئەنجامەکانی سەرەتاییەکان توانیویانە پشکەوتنی پێویستیان

هەبێت و کەمتەرخەمییەکی ڕوون لەلایەن ژمارەیەک لەو کەسانەی کە بەشداربون بخەنەو".

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ڕونیکردوەتەوە، لیژنەکە بڕیاریدا بە ڕاگرتنی کاتی 17 فەرمانبەر لە خزمەتکردن تا تەواوبونی لێکۆڵینەوەکان، لەوانە بەرپرسانی شارەوانی کوت، بەشی گەشتیاری، بەشی ئاو، بەشی تەندروستی و کۆنترۆڵ، هەروەها بەرپرسانی پێشوی بەشی سەرپێچی، سەلامەتی پیشەیی، ڕێگاوبان و پردەکان.

ڕوشوێنەکان بریتی بون لە دەستبەسەرکردنی سێ ئەفسەر کە بریتین لە بەڕێوەبەری بەشی ئاسایشی گەشتیاری لە واست، بەڕێوەبەری بەرگری شارستانی لە واست، فەرماندەی کەرتی یەکەمی بەرگری شارستانی لە کوت.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا جەختکراوەتەوە کە ئەم هەنگاوە بە پشتبەستن بە بڕگەکانی ماددەی (331) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە 111ی ساڵی 1969، وەک هەموارکراو، بەگوێرەی ئەو دەسەڵاتانەی کە بە لیژنەی باڵای لێکۆڵینەوە دراوە، ئەنجامدراوە.
میقداد میری جەختیکردەوە کە "لیژنەکە بەردەوامە لە کارەکانی، ئەنجامی کۆتایی لێکۆڵینەوەکە بە شێوەیەکی شەفاف ڕادەگەیەنرێت لەگەڵ تەواوبونی".

شەوی چوارشەممە 17ی (تەممووز/7)ی 2025 ئاگرکی بەرفراوان لەناو مەکی بازرگانی لە ناوەندی شاری کوت لە پارێزگای واست کەوتەوە و بەهۆیەوە دەیان کەس گیانیان لەدەستدا و بریندارببون. تیمەکانی بەرگری شارستانی لە چەکردن و کۆنترۆکردنی ئاگرەکەدا بەهۆی ئاگزی شۆنی ئاگرەکە و نەبونی مەرجەکانی سەلامەتی بیناکە ڕوبەڕوی کێشە بونەتەوە.